عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفا چوار تەکبیرەی کرد لەسەر جەنازەی کچەکەی، پاش چوارەم تەکبیرە وەستا وەکو ماوەی نێوان دوو تەکبیرە؛ داوای لێخۆشبوونی بۆی دەکرد ونزای دەکرد، پاشان ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدەدا

لە عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «چوار تەکبیرەی کرد* لەسەر جەنازەی کچەکەی، پاش چوارەم تەکبیرە وەستا وەکو ماوەی نێوان دوو تەکبیرە؛ داوای لێخۆشبوونی بۆی دەکرد ونزای دەکرد، پاشان ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدەدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «چوار تەکبیرەی کرد هەتاوەکو ماوەیەک وەستا هەتا پێم وابوو تەکبیرەی پێنجەمیش دەکات، پاشان بە لای ڕاست وچەپیدا سەلامی دایەوە، وکاتێک تەواو بوو پێیمان ووت: ئەمە چی بوو؟ ووتی: من شتێک زیاد ناکەم لەسەر ئەوەی بینیوومە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیداوە، -یان- : پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوە ئەنجامی دەدا». *(تەکبیرە: واتا ووتنی -الله أكبر-)

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - حاکم گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفا -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە نوێژی کرد لەسەر جەنازەی کچەکەی، پاش چوارەم تەکبیرە* هەندێک وەستا داوای لێخۆشبوون وڕەحمەتی بۆی دەکرد، وردەکاری نوێژی جەنازە بەم شێوەیە: تەکبیر دەکات وپاشان سورەتی -الفاتحة- دەخوێنێت، وپاشان تەکبیرە دەکات وسەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپاشان تەکبیرە دەکات ونزا بۆ مردووەکە دەکات، وپاشان تەکبیرەی چوارەم دەکات. عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفا -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتی بە ئەوانەی لەگەڵیدا نوێژیان کرد: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە نوێژی ئەنجامدەدا، واتا: چوار تەکبیرەی دەکرد ونزای بۆ مردووەکە کرد لە پاش تەکبیرەی چوارەم. ولە گێڕانەوەیەکدا: چوار جار تەکبیرەی کرد، وپاشان نزای بۆ مردووەکە کرد وداوای لێخۆشبوونی بۆی کرد، هەتاوەکو ئەوانەی لە پشتیەوە نوێژیان دەکرد پێیان وابوو کە تەکبیرەی پێنجەمیش دەکات، وپاشان دوو جار سەلامی دایەوە، یەکەم بۆ لای ڕاست وئەی تر بۆ لای چەپ هەروەکو نوێژکردن. وپاش تەواوبوونی نوێژ؛ خەڵکی پرسیاریان لێکرد سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتنی لە پاش تەکبیرەی چوارەم وڕاستەوخۆ سەلام نەدانەوە، ئەویش (عبدالله) ووتی: ئەمەی من ئەنجامم دا زیادەیەک نییە بۆ سەر ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیدا؛ واتا بە گوێرەی سونەت کردەوەی کردووە، وسەبارەت بە شێوازی سەلامدانەوەکە ناکۆکیەک هەیە لە نێوان زانایان؛ ودروستتر ئەوەیە کە زۆینەی هاوەڵان تەنها بە لای ڕاستدا سەلامیان دەدایەوە، وتەنانەت ئیجماعی -یەکدەنگی- زانایان هاتووە سەبارەت بە ئەم بابەتە هەروەکو (ئیبن قودامە:إبن قدامة) لە -المغني-یدا دەیگێڕێتەوە، وسەبارەت بە ئەم فەرموودەیە شێخ ئەلبانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بە (باش:حسن)ی داناوە بەڵام سەبارەت بە (باشی:حسن)ی ئەم فەرموودەیە ناکۆکی هەیە لە نێوان زانایان؛ چونکە لە نێو زنجیرەی گێڕەرەوەکاندا (سەنەدەکەدا) ئیبراهیم ئەلهەجەری هەیە ئەمیش بە کەسێک (ضعيف:لاواز) دادەنرێت لە گێڕانەوەدا، وهەروەها فەرموودەیەکی تر هاتووە سەبارەت بە (-یەک سەلامدانەوە وئەویش سەنەدەکەی پچڕانێکی تێدایە. *(تەکبیرە: واتا ووتنی -الله أكبر-)